بسم الله الرحمن الرحيم

برايەک پرسیارێکی بۆ ناردوین ئەپرسێ دەربارەی بانقە حکومیەکان و زیادە وەرگرتن ( فائیدە ) لەسەر قەرز وە ئیش کردن لە بانق منیش ئەو فەتوایەی پێشەوا عبد العزيز بن عبدالله بن باز رحمه الله بۆی نەقل ئەکەم خوای گەورە سود بە هەموو لایەکمان بگەینێ و دوورمان خاتەوە لە تاوانی ڕیبا .

السؤال :

ما حكم الإسلام فيمن يعملون في البنوك ويضعون أموالهم فيها دون أخذ فوائد لها ؟

الجواب :

لا ريب أن العمل في البنوك التي تتعامل بالربا غير جائز . لأن ذلك إعانة لهم على الإثم والعدوان ، وقد قال الله سبحانه : **{وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ}**[١] وثبت عن النبي صلى الله عليه وسلم أنه لعن أكل الربا وموكله وكاتبه وشاهديه وقال : (( هم سواء )) أخرجه مسلم في صحيحه . أما وضع المال في البنوك بالفائدة الشهرية أو السنوية فذلك من الربا المحرم بإجماع العلماء ، أما وضعه بدون فائدة فالأحوط تركه إلا عند الضرورة إذا كان البنك يعامل بالربا لأن وضع المال عنده ولو بدون فائدة فيه إعانة له على أعماله الربوية فيخشى على صاحبه أن يكون من جملة المعينين على الإثم والعدوان وإن لم يرد ذلك ، فالواجب الحذر مما حرم الله والتماس الطرق السليمة لحفظ الأموال وتصريفها ، وفق الله المسلمين لما فيه سعادتهم وعزهم ونجاتهم ، ويسر لهم العمل السريع لإيجاد بنوك إسلامية سليمة من أعمال الربا إنه ولي ذلك والقادر عليه ، وصلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه .

---

[١] - سورة المائدة الآية ٢.

المصدر :

مجموع فتاوى ومقالات متنوعة الجزء الرابع

http://www.ibnbaz.org.sa/index.php?pg=mat&type=fatawa&id=94

ماناکەی پرسیار: حوکمی ئیسلام چیە دەربارەی ئەو کەسانەی لە بانقەکان کار ئەکەن وە پارەی خۆیان ئەخەنە ئەو بانقانە بێ ئەوەی فائیدەی _زیادەی_ لە سەر وەربگرن ؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەڵام : گومان لەوە نیە کە ئیش کردن لەو بانقانەی موعامەلە بە ڕیبا ئەکەن دروست نیە ، چونکە ئەوە یارمەتی ئەوانی تێدایە لە سەر تاوان و دوژمنایەتی ، وە خواش سبحانە فەرمویەتی : {وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ} واتە : ( وە هاریکاری یەک بکەن لە سەر چاکەو تەقوا وەهاریکاری یەکتر مەکەن لە سەر تاوان و دژایەتی ) . وە سابت بووە لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم **کە** : أنه لعن أكل الربا وموكله وكاتبه وشاهديه وقال : (( هم سواء )) أخرجه مسلم في صحيحه واتە : ( پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەعنەتی کرد لەوەی ڕیبا ئەخوا وە لەوەی ئەبێ بە وەکیلی وە لەوەی ئەینوسێ وە لە شاهێدەکانی وە فەرمووی هەمویان وەک یەکن ) . وە دانانی پارە لە بانقەکان بە فائیدەی مانگانە یان ساڵانە ئەوە لە ڕیبای حەرام کراوە بە یەک دەنگی زانایان ، بەڵام دانانی بە بێ ئەوەی فائیدەی بێتە سەر ئەوە چاکترە وازی لێ بێنێ ئیللا بۆ زەرورەت _ناچاری_ نەبێ ئەگەر بانقەکە بە ڕیبا موعامەلەی ئەکرد چونکە دانانی پارە لایان ئەگەر بە بێ فائیدەش بێ یارمەتی بۆی تێدایە لە سەر کارەکانی کە ڕیبان ترس هەیە لە سەر خاوەنەکەی ببێ بە یەکێ لەوانەی یارمەتی دەرن لە سەر تاوان و دوژمنایەتی ئەگەر ویستی ئەوەش نەبوبێ ، واجبیشە ئاگادار بوون و خۆ پارێزی لەو شتانەی خوا حەرامی کردوون و گرتنە بەری ئەو ڕێگایانەی کە سەلامەتن بۆ پاراستنی پارەو سامان و ئاڵ و گۆڕ پێ کردنیان ، خوا موسڵمانان موەفەق بکا بۆ ئەو شتانەی بەختەوەری و عیززەت و ڕزگاری ئەوانی تێدایە ، وە کاری بە پەلەیان بۆ ئاسان بکا بۆ داهێنانی بانقی ئیسلامی دوور لە کاری ڕیبا إنه ولي ذلك والقادر عليه ، وصلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه .

باوکی حارث وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com